# هەرکەسێک بێڕێزی بکات بەرامبەر دەسەڵاتدارێک؛ ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە بێڕێز دەکات

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک بێڕێزی بکات بەرامبەر دەسەڵاتدارێک؛ ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە بێڕێز دەکات».
[حەسەنە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا حەرامکردنی بە کەمدانانی فەرمانەکانی دەسەڵاتداری مسوڵمانی تێدایە، ئەگەر فەرمانەکەیان پێچەوانەی فەرمانەکانی شەریعەت نەبوون لەبەرئەوەی هەروەکو ئاشکرایە هەر فەرمانێک پێچەوانەی شەریعەت بێت ڕەتدەکرێتەوە وگوێڕایەڵی ناکرێت جا لە لایەن هەرکەسێکەوە بێت، ولێرەدا باسی ئەوەیە کە نابێت فەرمانەکانی دەسەڵاتداری مسوڵمان بە کەمدابنرێن ئەگەر فەرمانەکانی پێچەوانەی شەریعەت نەبن چونکە ئەم بەکەمدانانە هەڕەشەی لەسەرە ودەبێتە هۆی بێڕێزبوونی ئەو کەسەی هەوڵی بێڕێزکردنی دەسەڵاتدار دەدات لە دونیا و دواڕۆژدا،وپاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکانە. ئەمە ئەگەر وڵاتەکە فەرمانڕەوایەکی مسوڵمانی هەبوو بەڵام ئەگەر وڵاتەکە فەرمانڕەواکەی کافر بوو ئەوا ئەگەر فەرمانەکەی پێچەوانەی شەریعەت نەبێت باشتر وایە گوێڕایەڵی بکرێت ئەمیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی مسوڵمانان لەو وڵاتە بۆ نمونە وەکو ئێستا لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6371

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee